ئەی پێغەمبەری خودا، مەڕومالّات تیاچوون، وڕێگاکان پچڕان (هاتوچۆ کەم بوو بەهۆی نەمانی وشتر وسواریەکانی تڕەوە)، داوا بکە خوای گەورە بارانمان بۆ ببارێنێت

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هاتە نێو مزگەوتەوە لە ڕۆژی جومعەدا لە دەرگایەک کە لە بەرامبەری (دار القضاء:دار ئەلقەزا) بوو، وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وتاری دەدا، بەرامبەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەستا، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، مەڕومالّات تیاچوون، وڕێگاکان پچڕان (هاتوچۆ کەم بوو بەهۆی نەمانی وشتر وسواریەکانی تڕەوە)، داوا بکە خوای گەورە بارانمان بۆ ببارێنێت، دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستی بەرز کردەوە وپاشان فەرمووی: «(اللَّهُمَّ أَغِثْنَا ، اللَّهُمَّ أَغِثْنَا ، اللَّهُمَّ أَغِثْنَا) واتە: (خودایە بێ بە هانامانەوە -بارانمان بۆ ببارێنە-، خودایە بێ بە هانامانەوە -بارانمان بۆ ببارێنە-، خودایە بێ بە هانامانەوە -بارانمان بۆ ببارێنە-)». ئەنەس دەڵێت: واللە (پێش نزاکە) تەنانەت پارچەیەکی بچووکی هەوریش لە ئاسمان نەبوو، ولە نێوان ئێمە وشاخی (سەلع) هیچ خانوو وشوێنێکی بەرزکراوە نەبوو، لە پشتی چیاکە هەورێک دەرکەوت وەکو قەڵغان وابوو، کاتێک گەیشتە نیوەی ئاسمان (بە سەریانەوە) بڵاوبوویەوە وباران باری، واللە یەک هەفتە خۆرمان نەبینی، لە هەفتەی داهاتوودا پیاوێک لە هەمان دەرگاوە هاتە نێو مزگەوت لە ڕۆژی جومعەتدا، وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وەستابوو وتاری بۆ خەڵکی دەدا، وبەرامبەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەستا، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، مەڕومالّات تیاچوون وڕێگاکان پچڕان، داوا لە خودا بکە با بارانەکە بگرێتەوە -بیوەستێنێت-، ئەنەس دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستی بەرزکردەوە پاشان نزای کرد وفەرمووی: «(اللَّهُمَّ حَوَالَيْنَا وَلا عَلَيْنَا, اللَّهُمَّ على الآكَامِ وَالظِّرَابِ وَبُطُونِ الأَوْدِيَةِ وَمَنَابِتِ الشَّجَر) واتە: (ئەی خودایە، با بارانەکە بڕوات بۆ دەوروپشتمان و لەسەر ئێمە نەمێنێت، خودایە با بڕوات بەرەو شاخەکان وگردەکان ودۆڵەکان وشوێنی ڕووانی درەختەکان)»، ئەنەس دەڵێت: پاشان بارانەکە وەستا، ودەرچووین (لە مزگەوت) لە ژێر تیشکی خۆردا ڕێمان دەکرد، شورەیک دەڵێت: پرسیارم لە ئەنەس کرد: ئایا هەمان پیاوی یەکەم جار بوو، ئەویش ووتی: «نازانم».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

ئەعرابیەك چووە نێو مزگەوتی پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- لە ڕۆژی هەینیدا لە دەروازەیەکی ڕۆژئاوای مزگەوتەکە؛ بەرامبەر بە ماڵی عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت-، و پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەستابوو وتاری دەدا، پیاوەکە ڕووی لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئاژەڵەکان لەناوچوون، و ڕێگاکان پچڕان بەهۆی مردنی ئەو ئاژەڵانەی کە خەڵکیان دەگواستەوە یان لەبەر لاوازیبان بەهۆی برسێتییەوە، نزا بکە بۆئەوەی خوای گەورە بارانمان بۆ ببارێنێت. پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- دەستەکانی بەرز کردەوە، پاشان فەرمووی: خوایە بارانمان بۆ ببارێنە، خوایە بارانمان بۆ ببارێنە، خوایە بارانمان بۆ ببارێنە. ئەنەسی کوڕی مالیک -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: سوێند بە خودا، هیچ پارچە هەورێکمان لە ئاسماندا نەدەبینی، و هیچ ماڵ و خانوویەک نەبوو کە ڕێگر بێت لە بینینی هەورەکە؛ لە نێوان ئێمە لە نێو مزگەوتەکە و شاخی سەلع لە ڕۆژئاوای مزگەوتەکە کە هەور لەوێوە دەهات. ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لە پشتی شاخەکەوە هەورێکی خڕ وەک قەڵغانێک دەرکەوت و پارچەیەکی بچووک بوو، کاتێک گەیشتە ناوەڕاستی ئاسمانی مەدینە بڵاوبوویەوە، پاشان بارانی باری، سوێند بە خودا، هەتا هەینی داهاتوو خۆرمان نەبینی بەهۆی باران بارینەوە، پاشان هەر ئەو پیاوە لە هەمان دەروازە هاتەوە ژوورەوە بۆ نێو مزگەوت، و پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەستا بوو وتاری دەدا، پیاوەکە بە وەستاوی ڕووی لێکرد، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، سامانەکان لەناوچوون، و ڕێگاکان پچڕان، نزا بکە خوای گەورە بارانەکەمان لێ بگرێتەوە. دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستەکانی بەرز کردەوە، پاشان فەرمووی: خودایە بارانەکە بە دەوروبەرماندا ببارێنە نەک بەسەرماندا، خودایە بارانەکە بڕوات بۆ سەر ئەو شوێنانەی کە بەرزن لە ئاستی زەوی وەکو گرد، و شاخی بچووک، و ناخی دۆڵەکان، و شوێنی ڕووانی درەختەکان. ئەنەس

دەڵێت: هەورە باراناوییەکە پچڕا، و دەرچووین لە مزگەوت و لە ژێر تیشکی خۆردا ڕێمان دەکرد.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3174